ژووری توێژینەوەکان
بزوتنەوەی گۆڕان

# پێگەی کورد و (HDP) لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا

ئا: گەیلان عباس




ژووری توێژینەوەکان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

# پێڕست


پێشەکی ............ ٢
چەند زانیاریەکی گشتی لەبارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا ............ ٣
پارتە سیاسیە بەشدارەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا ............ ٥
سیستەمی هەڵبژاردنی تورکیا ( دی هۆنت ) و بەربەستەکانی ١٠٪ ............ ٧
پێگەی کورد لە تورکیادا ............ ١٠
رێژەی دەنگدەرانی کورد لە تورکیادا ............ ١١
بەهای دەنگی دەنگدەرانی کورد لەهەڵبژاردنەکانی تورکیادا ............ ١١
پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) ............ ١٢
ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی گەلان: هەدەپە ............ ١٣
هەدەپە و سەرکێشی و بەربەستی ١٠٪ ............ ١٥
هەدەپەو دەرفەتی تێپەراندنی بەربەستی ١٠٪ ............ ١٨
یەکەم: سیاسەتەکانی حکومەتی ئەکەپە لەم بوارانەدا ............ ١٨
دووەم: مانیفێست و سیاسەتی هەڵبژاردنی هەدەپە ............ ٢١
سێهەم: هۆکارەکانی دیکە ............ ٢٤
پێشبینی و ئەنجامی راپرسییەکان ............ ٢٥
سیناریۆ پێشبینی کراوەکان ............ ٢٨
سەرچاوەکان ............ ٢٩

# پێشەکی

بەرواری ٢٠١٥/٦/٧ بیست و پێنجەمین هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی تورکیا بەڕێوە دەچێت. مێژوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو، دواهەمین هەڵبژاردنیش لەساڵی ٢٠١١دا ئەنجامدراوە. لەم هەڵبژاردنەدا بیست پارتی سیاسی کێبرکێ لەسەر بەدەستهێنانی ٥٥٠ کورسی پەرلەمانی دەکەن، بەڵام هەر پارتێك پێویستە رێژەی دەنگەکانی ١٠٪ تێبپەڕێنێت، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی هاونیشتیمانیان و پارتەکەی بکات لەپەرلەمانی تورکیادا.

لە هەڵبژاردنەکانی رابردودا، کوردەکانی تورکیا لەرێگەی کاندیدی سەربەخۆوە دەچونە پەرلەمان، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا بۆ یەکەمینجارە کە پارتێکی سیاسی (کوردی) خواستی هەیە، وەك پارتێکی یەکگرتوو بچێتە پەرلەمان و بەربەستی ١٠٪ تێبپەڕێنێت. ئەویش پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)یە. ئەم پارتە ئامانجیەتی وەك پارتێکی زمانحاڵی لە پرسی کوردان و کەمە نەتەوەکانی دیکە تورکیا نوێنەرایەتی بکات. هاوکات دەیەوێت لەپەرلەماندا رۆڵی بەرچاو بگێرێ و کاریگەری دروست بکات وەك پارتێکی ئۆپۆزسیۆن لەسەر دارشتن و ئاراستەکردنی سیاسەتی تورکیا. بەتایبەت لە هەمبەر پرسی کوردو کەمینەکانی دیکەی تورکیادا، بەجۆرێك کە گشت هەنگاونانێکیان یەکانگیربێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی کۆی هاونیشتیمانیانی تورکیادا.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە کوردەوە بەتایبەت بۆ (HDP)، لەم هەڵبژاردنە چاوەروانی دوو لێکەوتەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەکرێت، یەکەمینیان بریتییە لەسەرکەوتنی هەدەپەو بەتێپەراندنی رێژەی ١٠٪ دەنگەکان، دوەمینیشیان بریتیە لە شکستهێنان و تێنەپەراندنی ئەو بەربەستە هەڵبژاردنیە. لەهەردوو ئاستەکەشدا چاوەروان دەکرێت پرسی کورد لەپاش هەڵبژاردنەکان هەنگاو بنێتە قۆناغێکی نوێوە.

ئەوەی ئەم چاوەروانیانەش یەکلادەکاتەوە بریتیە لەئەنجامەکان و دەنگی نزیکەی ١٠ ملیۆن دەنگدەری کورد لە تورکیادا، کە هەدەپە پێویستی بە تەنها نزیکەی ٥ ملیۆن لەو دەنگانە هەیە، بۆ تێپەراندنی بەربەستە هەڵبژاردنیەکە و گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا وەك پارتێکی یەکگرتوو.

## چەند زانیاریەکی گشتی لەبارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیا

- ئەم هەڵبژاردنە بە بیست و پێنجەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا دادەنرێت.
- ٥٦.٦٣٢.٨٨٩ دەنگدەر بەشداری تێدا دەکەن. ٢.٨٦٧.٥٦٨ ملیۆنی ئەو دەنگدەرانەش دەکەونە دەرەوەی سنورەکانی تورکیا و لە ٥٤ دەوڵەتی جیاواز، لەرێگەی ١١٢ ناوەندی دەنگدانەوە بەشداری پرۆسەکە دەکەن.
- سیستەمی هەڵبژاردنی تورکیا سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییە و پەیرەوی لە لیستی نیمچە کراوە دەکرێت. بەواتا دەنگدەر لەیەك کاتدا دوو دەنگ دەدات. دەنگێك بۆ لیستەکە و دەنگەکەی دیکە بۆ کاندیدی لیستەکە.
- پەرلەمانی تورکیا لە ٥٥٠ کورسی پێك دێت و ٢٠ پارتی سیاسی و ١٦٥ کاندیدی سەربەخۆ کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کورسییە پەرلەمانییەکان.[١]
- تورکیا بەسەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردنیدا دابەشکراوە، هەر بازنەیەکیش زیاد لەکورسیەکی بۆ تەرخان کراوە، بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو بازنە هەڵبژاردنیە. لەئێستادا کورسیەکان بەسەر ٨٥ بازنەی هەڵبژاردن و ٨١ ناوچەی جیاوازی تورکیادا دابەشکراون، بەم جۆرە:

١. ئەستەنبوڵ ٨٨ کورسی
٢. ئەنقەرە ٣٢ کورسی
٣. ئیزمیر ٢٦ کورسی
٤. بورسا ١٨ کورسی
٥. قۆنیا، ئەدەنە، ئەنتالیا ١٤ کورسی
٦. غازی عەنتاب، شانلی ئورفە ١٢ کورسی
٧. دیاربەکر، کوجا عەلی، میرسین ١١ کورسی
٨. هاتای ١٠ کورسی ... بازنەی ئەرزنجان و چەند بازنەیەکی تر کەمترین ژمارەی کورسی بۆ دیاریکراوە کە ٢ کورسیە.

---

[١] .سەرەتا ٣١ پارتی سیاسی ناوی خۆیان لەکۆمسیۆنی هەڵبژاردنی تورکیادا تۆمارکرد، بەڵام دواتر ١١ پارت بەهۆی هۆکاری جیاوازەوە کشانەوە و رەتیانکردەوە ناوی پاڵێوراوەکانیان پێشکەش بکەن. بەم شێوەیەش ٢٠ پارتی سیاسی و ١٦٥ کاندیدی سەربەخۆ مانەوە بۆ کێبڕکێ لەسەر کورسیەکانی پەرلەمانی تورکیا.

- هەر پارتێکی سیاسی لەم هەڵبژاردنەدا بتوانێت ٢٧٦ کورسی بەدەستبهێنێت دەتوانێت حکومەت دروست بکات.
- هەر پارتێکی سیاسی بتوانێت ٣٣٠ کورسی بەدەستبهێنێت دەتوانێت پێشنیازی هەمواری دەستور بکات لەرێگای ریفراندۆمەوە.
- هەر پارتێکی سیاسی بتوانێت ٣٦٧ کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، دەتوانێ دەستور بگۆرێت بەبێ گرتنە بەری رێگەی ریفراندۆم.
- هەڵبژاردنی پەرلەمانی چوار ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت. ئەم خولەی هەڵبژاردنیش لەساڵی ٢٠١٩دا کۆتای پێدێت و دوبارە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، پەرلەمانی و شارەوانیەکان ئەنجام دەدرێتەوە.

**پێکهاتەی ئێستای پەرلەمانی تورکیا و رێژەی دەنگی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١**

| ناوی پارت | رێژەی سەدی دەنگەکان | ژمارەی کورسی دەنگەکان |
| --- | --- | --- |
| پارتی داد و گەشەپێدان **(AKP)** | ٪٤٩.٩ | ٣٢٧ |
| پارتی گەلی کۆماریی (کۆماریەکان) **(JHP)** | ٪٢٥.٩ | ١٣٥ |
| پارتی بزوتنەوەی نەتەوەی (ناسیۆنالیستی) **(MHP)** | ٪١٢.٩ | ٥٣ |
| کاندیدە سەربەخۆکانی کورد | ٪٦.٥٧ | ٣٥ |

## پارته سیاسیه بەشدارەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیا

| ز | پارتەکان | ناسنامەو ئامانجی پارتەکان | سەرۆکی پارتەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دادو گەشەپێدان (AKP) | *ئەم پارتە خواستیەتی زۆرینەی پەرلەمانی بۆ جاری چوارەم لەسەر یەك بباتەوە. *دەیەوێت زیاتر لە ٣٣٠ کورسی پەرلەمانی بباتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ دەستور بگۆرێ و بیخاتە راپرسیەوە. ئەگەر بشتوانێ ٣٦٧ کورسی بەدەست بهێنێت ئەوا بەبێ راپرسی دەتوانێ راستەوخۆ دەستور لەرێگای پەرلەمانەوە بەزۆرینەی رەها تێبپەرێنن. *خواستیان هەیە سیستمی سیاسی لەپەرلەمانیەوە بگۆرن بۆ سەرۆکایەتی. | ئەحمەد داود ئۆغلۆ |
| ٢ | پارتی گەلی کۆماری (JHP) | *بە پارتێکی کەمالیستی و دیموکرات ناسراوە * هەوڵدەدات ٪٣٠ دەنگەکان بەدەست بهێنن بە ئامانجی بەشداریکردن لە پێکهێنانی حکومەتدا. | کەمال کلّتشدار ئۆغلۆ |
| ٣ | پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی (MHP) | *پارتێکی نەتەوەیی توندرەوە. *ئەم پارتە دەیەوێت لایەنی کەم بەشێوازی هاوپەیمان (ئیتلاف)ی لەگەڵ چەند لایەنێکی دیکە حکومەتی داهاتوو پێك بهێنێت. | دەوڵەت بهتشلی |
| ٤ | پارتی گەلی دیموکراتی (HDP) | پارتێکی دیموکراتی کوردییە و گرنگی بەمافی کەمە نەتەوە و کەمایەتیەکانی دیکە دەدات. *هەدەپە دەیەوێت ٪١٠ دەنگەکان بەدەست بهێنێت. بەمەبەستی ئەوەی وەك پارتێکی سیاسی و بەیەك کوتلە بچێتە پەرلەمانی تورکیاوە. | سەلاحەدین دەمیرتاش |
| ٥ | پارتی رێگای راست (DYP) | پارتێکی موحافزکاری لیبراڵە | تشیتین ئۆزاتشیکگوز |
| ٦ | پارتی شیوعی (کۆمۆنیستی) | پارتێکی مارکسی لینینی | ئۆزلام شین ئابای |
| ٧ | پارتی ئەنارزۆڵ | *پارتێکی چەپرەوی عەلمانییە *ئەم پارتەش دەیەوێت بەربەستی ٪١٠ تێبپەرێنێت و بچێتە پەرلەمانی تورکیاوە | ئامینە ئۆڵکار تارهان |
| ٨ | پارتی میللەت و دادپەروەری | پارتێکی لیبراڵی نەتەوەییە | ئیدریس نەعیم شاهین |
| ٩ | پارتی میللەت | پارتێکی موحافزکاری نەتەوەییە | ئەکیوت ئەدیبالی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | پارتی ناوەندی | پارتێکی لیبراڵە | عەبدول کەریم کارسڵی |
| ١١ | پارتی رزگاری گەلHKP | پارتێکی ئیشتراکیە | نورلله ئانکۆت |
| ١٢ | پارتی هاوسەنگی کۆمەلأیەتی و چاکسازی و گەشە | پارتێکی ناوەندییە | ئەحمەدئەیوب ئۆزگۆتش |
| ١٣ | پارتی لیبراڵی دیموکراتLDP | پارتێکی لیبراڵی عەلمانییە | جیم توکیر |
| ١٤ | پارتی سەعادەتSP | پارتێکی ئیسلامیە و هەڵگری ئایدیای نیشتیمانیە (بەپارتەکەی نجم الدین ئەربەکان) ناسراوە | مستەفا کەمالاك |
| ١٥ | پارتی یەکێتی گەورە | *بە پارتێکی نەتەوەیی راست رەوی موحافزکار ناسراوە کە مەیلی ئیسلامیشیان هەیە. *(بریاریاندا لەم هەڵبژاردنەدا بچنە ژێر چەتری پارتی سەعادەت و بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن) | ئیسماعیل هەنیە |
| ١٦ | پارتی چەپی دیموکراتDSP | پارتێکی نەتەوەی کەمالی ئیشتراکییە | مەعصوم تورکیر |
| ١٧ | پارتی شار | پارتێکی نەتەوەی موخافزکارە | سەعدەدین تانتان |
| ١٨ | پارتی دیموکراتی DP | پارتێکی کەمالی لیبراڵی نەتەوەییە | گۆڵتەیکین ئەویساڵ |
| ١٩ | پارتی نیشتیمان | پارتێکی کەمالی ئیشتراکی چەپرەوی نەتەوەییە | دۆگۆ برینتشیك |
| ٢٠ | پارتی تورکیای سەربەخۆ BTP | ئەم پارتە گرنگی بەمافی شیعەو عەلەوییەکان دەدات | حەیدەر باش |

## سیستەمی هەڵبژاردنی تورکیا (دی هۆنت ) و بەربەستەکانی ١٠٪

ئەوەی بەر لە ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە زۆرترین قسەوباسی بەدوای خۆیدا هێنا، پەیوەند بە بەشداری (پارتی دیموکراتی گەلان– HDP)، بریتییە لەو سیستەمە هەڵبژاردنییەی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا پەیرەوی لێدەکرێت، ئەویش بریاری بەدەستهێنانی زۆرترین رێژەی دەنگ و بەربەستی ١٠٪ و سیستمی هەڵبژاردنی رێژەیی (دی هۆنت)[٢]بوو، کە ئەم جۆرە سیستمە لە قازانجی ئەو پارت و لایەنانەن کە زۆرترین دەنگ کۆدەکەنەوەو لەبەرامبەردا زیان بە کەمینەکان یان ئەو پارتانە دەگەیەنێت کە دەنگی کەمیان بە دەستهێناوە، بۆ نمونە: لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا (٣) پارت کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی (٧) کورسی دەکەن، بەجۆرێك پارتی یەکەم: ٦٠ هەزار دەنگ، پارتی دووەم: ٣٢ هەزار دەنگ، پارتی سێیەم: ٨ هەزار دەنگ بەدەستدەهێنن. لە سیستمی (دی هۆنت) دەنگەکانیان دابەشی (١،٢،٣،٤ ...) دەکرێت و زۆرترین دەنگ کورسی یەکەم دەبات و دواتر کورسی دووەم و سێیەم...هتد، بڕوانە چونیەتی دابەشکردنەکە:

| پارتەکان | ژ. دەنگ | ÷1 | ÷2 | ÷3 | ÷4 | ÷5 | ÷6 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی یەکەم | 60000 | 60000 | 30000 | 20000 | 15000 | 12000 | 10000 |
| پارتی دووەم | 32000 | 32000 | 16000 | 10666.7 | 8000 | 6400 | 5333.33 |
| پارتی پارتی سێیەم | 8000 | 8000 | 4000 | 2666.67 | 2000 | 1600 | 1333.33 |

٢. (دی هۆنت) سیستمێکی هەڵبژاردنیە و بەناوی زانای بیرکاری (ڤیکتۆر دی هۆنت) ناونراوە. دی هۆنت لەساڵی ١٨٧٨ دا تیۆریایەکی دارشت. دواتر ئەم تیۆریایە پشتی پێ بەسترا لەسیستمی هەڵبژاردندا بۆ دابەشکردنی دەنگ بەسەر کورسی نوێنەرایەتیدا. ئەم سیتمە بەجۆرێکە کە خزمەت بە بەرژەوەندی ئەو لایەنە دەکات کە دەتوانێت زۆرینەی دەنگ بەدەست بهێنێت، وەك چۆن زیان لەو لایەنانە دەدات کە کەمترین رێژەی دەنگ بەدەست دێنن. چونکە رێگای دابەشکردنی دەنگەکانی بەجۆرێکە کە لایەنی خاوەن زۆرترین دەنگ سود مەند دەبێت لێی وەك ئەوەی لە نمونەکە سەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

بەم جۆرە ئەو (٧) کورسییەی بۆ ئەو بازنەیە دیاری کراوە پارتی یەکەم (٥) کورسی، واتە کورسی (١+٣+٤+٦+٧)م دەباتەوە. پارتی دووەم (٢) کورسی (٢+٥)م دەباتەوە. لە بەرامبەردا پارتی سێیەم سەرەڕای ئەوەی (٨) هەزار دەنگی بەدەستهێناوە هیچ کورسییەك لەو بازنەیە بەدەستناهێنێت.

مێژوی کارکردن بەم سیستمە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان، بەتایبەت کاتێك کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا بەرێگای کودەتای سەربازی، سوپاو ئەرگەنەکۆنەکان گەیشتن بە دەسەلاَت. لە ساڵی ١٩٨٢ دەستورێکی نوێیان دانا و جەنەڕاڵ (کەنعنان ئێڤرین)یش بوو بە سەرۆك کۆماری تورکیا.

لەدیارترین گۆرانکاریەکانی ناو دەستوری نوێ بریتی بوو لە گۆرانکاری لەیاسای هەڵبژاردنەکاندا، بە پاساوی جێگیکردنی سیستم و سەقامگیری سیاسی لەو ولاَتەدا. بریارەکە لەساڵی ١٩٨٣دا بە دەقی بریاری ژمارە ٢٨٣٩ دەرچوو، لەو بەروارەوە کاری پێدەکرێ. ناوەرۆکی بریارەکە بریتی بوو لە تۆمارکردنی بەرزترین ئاستی دەنگ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا، واتە بۆ هەر پارتێکی سیاسی گەر بیەوێت بچێتە پەرلەمانی تورکیاوە، ئەوا پێویستە رێژەی ١٠٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت.

بە واتایەکی دیکە ئەو پارتانەی لە هەڵبژاردنەکاندا کەمتر لە ١٠٪ دەنگەکان بەدەست دەهێنن ناتوانن نوێنەریان هەبێت لەپەرلەمانی تورکیادا. واتە ئەگەر هاتوو کاندیدی پارتێکی دیاریکراو دەنگی پێویستیشی هێنا لە هەڵبژاردنەکەدا بەلاَم پارتەکەی نەیتوانی ١٠٪ تێپەرێنێت، ئەوا دەنگی ئەو کاندیدەش بەهەدەر دەروات و دەچێت بۆ ئەو پارتانەی کە توانیویانە ١٠٪ تێپەربکەن، پشت بەست بەو رێژەی دەنگەی بەدەستیان هێناوە دەنگی پارتە بچوکەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێت. بەم شێوەیە بەربەستی بەردەم پارتەکان بۆ گەیشتن بە پەرلەمان کرا بە ١٠٪، ئەم جۆرە رێکارەش بەیاسا چەسپێنراو و لەژێر سیستمی هەڵبژاردنی رێژەی (دی هۆنت) دا کاری پێکرا.

واقیعی دەرکردنی ئەم یاسایە لەلایەن جەنراڵە دەسەلاَتدارانی تورکیا مەبەست لێی بۆ کەنارگیرکردنی پارتە بچوکەکان و ئەو پارتانەش بوو کە لەلایەن کەمالیستەکانەوە بەمەترسی لێکدەدرانەوە، بۆ سیستمی سیاسی تورکیا. بە دیاریکراویش مەبەست لێی پەراوێزخستنی (پارتە ئیسلامیەکان و پارتە کوردیەکان )بوو لەکایەی سیاسی و پەرلەمانی ئەو ولاَتەدا.

هەرچەندە خودی پارتەکەی ئەردۆگان (ئەکەپە) لەساڵی ٢٠٠٢ەوە فەرمانرەوایەو لە رابردوشدا خودی ئەم پارتە گیرۆدەی یاسا (تۆمارکردنی بەرزترین ئاستی دەنگدان ) بوو، بەلاَم تائێستاش ئەو بەڵێنانەیان نەبردوەتە سەر، کە لەم بارەیەوە بە دەنگدەرانی تورکیایان دابوو بە لابردن و کارنەکردن بەم یاسایە. چونکە دواجار ئەم یاسایە خزمەت

بەگشت ئەو پارتانە دەكات كە دەگەنە دەسەلاّت و لەپرۆسەی هەلّبژاردنەكاندا دەنگی ئەو لایەنانە دەبەن بۆ خۆیان كە كەمتر ١٠٪ تۆمار دەكەن.

## لێكەوتەكانی ئەم یاسایە

كاركردن بەم یاسایە لە سالأنی هەشتاكانەوە تاوەكو ئێستاو چەند دیاردەیەكی بەسیمای حكومرانی و پەرلەمانی ئەو ولاّتەوە بەخشیوە كە بریتین لە:

١. كەمترین پارتی سیاسی دەتوانن نوێنەریان هەبێت لەپەرلەماندا، ئەوەش بەهۆی تێنەپەراندنی ١٠٪ ، لێرەشەوە پەرلەمان كەمترین پارت لەخۆ دەگرێت، وەك نوێنەری هاونیشتیمانیانی توركیا.
٢. پارتێكی سیاسی دیاریكراو زۆرینەی دەنگەكانی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت، ئەمەش پێكهێنانی حكومەتی تاك لایەنەی لێدەكەوێتەوە.
٣. دەكرێت پەرلەمان زیاد لە ٥ پارتی سیاسی و چەند نوێنەرێكی سەربەخۆ لەخۆ بگرن و هیچ لایەنێك نەتوانێت زۆرینەی دەنگەكان بەدەست بهێنێت، ئەمەش واتای پێكهێنانی حكومەتی هاوپەیمانێتی دەگەیەنێت، دواینجار یش لەسالّی ١٩٩٩ ئەم جۆرە حكومەتە پێكهێنراوە لە توركیادا.

## پێگەی كورد لە پەرلەمانی توركیادا

دیاریكردنی رێژەیەك لە دەنگ بۆ گەیشتنی پارتە سیاسیەكان بە پەرلەمان لەزۆر ولاّتدا كاری پێدەكرێت، بەلاّم رێژەی ١٠٪ بە بەرزترین رێژە دیاریكراوە لەجیهاندا ، وەك نمونەی ئەوەی لەتوركیادا كاری پێدەكرێت.[٣]

ئەم رێكارە یاساییە بەردەوام یەكێك بوە لە هۆكارە سەرەكییەكانی رێگری كردن لە بەشداری كردنی كوردەكان لەپەرلەمانی توركیادا بەپارتێكی سیاسی یەكگرتوو. لەبەر ئەم هۆكارەش كاندیدە كوردەكانی باكور لەهەلّبژاردنەكانی سالّی(٢٠٠٢)ەوە، بە كاندیدی سەربەخۆی دەچونە كێبركێی هەلّبژاردنەكانەوە بۆ ئەوەی كورسی پەرلەمانی ئەو ولاّتە

٣. زۆرێك لەولاّتانی ئەوروپاو جیهان كار بە رێژەی سەدی دەنگ دەكەن بۆ گەشتن بە پەرلەمان، هەندێك لەولاّتان هیچ رێكارێكیان دانەناوە و كۆی پارتەكان دەرفەتی گەیشتنیان هەیە بۆ گەیشتن بە پەرلەمان، لەبەرامبەردا ولاّتانی دیكە لە ١٪ بۆ ٥٪ دیاریكردوە، لەدیارترین نمونەی ئەو ولاّتانەش كە كار بەپێوەری رێژەی سەدی دەنگ دەكەن بۆ گەیشتن بە پەرلەمان بریتین لە:

- لە دانیمارك و ئیسرائیل رێژەی ٢٪ دانراوە بۆ گەیشتنی پارتەكان بە پەرلەمان.
- لە ئیسپانیا و تەیموری رۆژهەلاّت وكۆماری شاخی رەش (جبل الاسود) رێژەی ٣٪ دانراوە بۆ گەیشتنی پارتەكان بە پەرلەمان.
- سلۆڤینیا رێژەی ٤٪ داناوە بۆ گەیشتنی پارتەكان بە پەرلەمان.
- لە كۆماری چیك و كرواتیا و هەنگاریا و رۆمانیا و سربیا رێژەی ٥٪ دانراوە بۆ گەیشتنی پارتەكان بە پەرلەمان

بەدەست بهێنن. چونکە ئەم یاسایە بۆ پاڵێوراوی سەربەخۆ کاری پێناکرێت. هەر پاڵێوراوێکیش توانی دەنگی پێویست بە دەست بهێنێت، دەبێتە ئەندام پەرلەمانی تورکیا. بەم شێوەیە ئەم یاسایە لە رابردودا گەورەترین رێگری بووە، لەبەردەم لاوازی سەنگی کورد و پێشنەکەوتنی پرسی کورد لە و ولآتەدا.

**ئەو پارتە کوردییانەی کە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە بەشداریان لە هەڵبژاردندا کردووە رێژەی ١٠ ٪ دەنگەکان گەورەترین رێگر بووە بۆ گەیشتنیان بە پەرلەمان وەك پارتێکی سەربەخۆ**

| بەشداری کورد لە هەلبژاردنەکاندا | پارتە کوردیەکان | رێژەی دەنگەکانیان لەساڵی ١٩٩٥ – ٢٠١١ |
|---|---|---|
| هەڵبژاردنی ١٩٩٥ | پارتی دیموکراتیەتی گەل HADEP | ژمارەی دەنگەکانی ١,١٧١,٦٢٣ دەنگ، نەیانتوانی ١٠٪ تێبپەرێنن |
| هەڵبژاردنی ١٩٩٩ | پارتی دیموکراتیەتی گەل HADEP و پارتی گەلی دیموکراتیDEHAP | ژمارەی دەنگەکانیان ١,٤٨٢,١٩٦ دەنگ، نەیانتوانی ١٠٪ تێبپەرێنن |
| هەڵبژاردنی ٢٠٠٢ | پارتی گەلی دیموکراتیDEHAP | ژمارەی دەنگەکانی ١,٩٦٠,٦٦٠دەنگ بوو، بەرامبەر بە ٦.٢٪ بوو ـ بەم جۆرە نەیتوانی ١٠٪ تێبپەرێنن |
| هەڵبژاردنی ٢٠٠٧ | پارتی کۆمەڵگای دیموکرات DTP | بەکاندیدی سەربەخۆ بەشداریکرد لەکۆی ٦٢ کاندید ، ٢٠ کاندیدیان چونە پەرلەمانی تورکیا |
| هەڵبژاردنی ٢٠١١ | پارتی ئاشتی و دیموکراتی کوردBDP | بە کاندیدی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کرد و توانی رێژەی ٥.٦٧٪، ٣٥ کورسی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەربکات. |
| هەڵبژاردنی ٢٠١٥ | پارتی دیموکراتی گەلان HDP | بە پارتێکی یەکگرتوی سەربەخۆ و بە ٥٤٣ کاندید بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات. |

**پارتە کوردیە بەشدارەکان لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی تورکیا ١٩٩٥ – ٢٠١٥**

ژمارەی دانیشتوانی کورد لە تورکیا، بەگشتی دەگاتە نزیکەی ١٥ ملیۆن کەس[٤]. لەو ژمارەیەش نزیکەی ٩ ملیۆنی لە ٢٥ پارێزگاکەی باکوری کوردستان نیشتەجێن. ٦ ملیۆنەکەی دیکەش لە پارێزگا تورکییەکاندا ژیان بەسەردەبەن. ئەم ژمارەیەش بە بەراورد بە رێژەی سەدی دانیشتوانی تورکیا دەکاتە نزیکەی ١٨-٢٠٪ی کۆی گشتی ژمارەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە.

## رێژەی دەنگدەرانی کورد لە تورکیادا

بەپێی داتاکانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی تورکیابریتیە لە ٥٦.٦٣٢.٨٨٩، ژمارەی دەنگدەرانی ٢٥ پارێزگاکەی باکووری کوردستانیش بریتیە لە ٩.٤٣١.١٢١ دەنگدەر. بەڵام سەرجەمی ئەم دەنگدەرانە بە رەگەز کوردنین، لەو نێوانەدا ژمارەی دەنگدەرانی کورد لە باکووری کوردستان بە ٥.٣٣٦.٢٣٤ دەنگدەر دانراوە. لەلایەکی دیکەشەوە و نزیکەی ٤.٠٧٨.٢٦٢ دەنگدەری کورد بونیان هەیە، ئەوانەش ئەو دەنگدەرانەن کە لە شارەکانی (ئیستەنبوڵ، ئەنقەرە، بورسا، ئیزمیر، مێرسین، قۆنیا ....) دەژین. کەواتە رێژەی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی کورد لە ناوخۆی تورکیادا دەکاتە ٩.٤١٤.٤٩٦ دەنگدەر. لە دەرەوەی تورکیاش نزیکەی ٢.٨٦٧.٦٥ دەنگدەر لە دەرەوەی وڵات ناویان تۆمارکراوە. لەم ژمارەیەش نزیکەی سێیەکی کوردن. لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە نزیکەی زیاتر لە ١٠ ملیۆن دەنگدەری کورد لە هەڵبژاردنی تورکیادا مافی بەشداریکردنیان هەیە .

## بەهای دەنگی دەنگدەرانی کورد لەهەڵبژاردنەکانی تورکیادا

لەکۆی گشتی دەنگی دەنگدەرانی تورکیا، بەهای دەنگی کورد رێژەی ٢٠٪ بەردەکەوێت، ئەمەش بەرامبەرە بە ١٠١ کورسی لەپەرلەماندا. لە لایەکی دیکەشەوە بەهای دەنگی دەنگدەرانی باکووری کوردستان بە ( کورد و تورك و پێکهاتەکانی دیکەوە) بەرامبەرە بە ١٢٣ کورسی. بەواتا ئەگەر سەرجەم دەنگدەرانی کورد لە سەرتاپای تورکیادا دەنگ بە یەك پارتی وەك هەدەپە بدەن، ئەوا بەلایەنی کەمەوە ئەو پارتە ١٠١ کورسی پەرلەمان مسۆگەر دەکەن. بە واتایەکی دیکە ئەگەربێت و سەرجەم دانیشتووانی باکووری کوردستان دەنگ بۆ یەك پارت بدەن، بەلایەنی کەمەوە ئەو پارتە ١٢٠ کورسی پەرلەمانی بەدەستدەهێنێت.

---

٤. دەزگای هەواڵگری ئەمریکا

https://www.cia.gov/library/publications/the-world-factbook/geos/tu.html

| دابەشبونی دەنگی ١٠ملیۆن دەنگی هاونیشتیمانیانی کورد لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیا ٢٠١٤ | |
|---|---|
| **پارتەکان** | **ڕێژەی دەنگی دەنگدەرانی کورد** |
| پارتی دیموکراتی گەلان HDP + پارتی ئاشتی و دیموکراتی کوردBDP | ٤٥٪ دەنگەکان |
| پارتی دادو گەشەپێدان AKP | ٤٢٪ دەنگەکان |
| پارتی گەلی کۆماریCHP | ٦٪ دەنگەکان |
| پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تورکیMHP | ٤٪ دەنگەکان |
| پارت و لایەنەکانی دیکە | ٣٪ دەنگەکان |

**سەرچاوە: راپۆرتی شیکاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی KONDA بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی٢٠١٤/٣/٣٠ لە تورکیا**

## پارتی دیموکراتی گەلان (HDP)

ئەم پارتە لە رێکەوتی ١٥ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٢ دروست بوو، وەك باڵێکی هاوبەشی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کورد (BDP) کە نوێنرایەتیان لەناو پەرلەمانی تورکیادا هەبوو. لەناسنامەی ئەم پارتەدا هاتووە کە هەدەپە وەك پارتێك کە گوزارشت لەکۆی پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی تورکیا دەکات نەك بەتەنها نەتەوە و مەزهەبی و رەگەزێکی دیاریکراو. هەرچەندە لەبنەرەتدا پێکهێنەرانی ئەم پارتە پێکهاتون لەکەسانی دیاری ناوچە جیاوازەکانی باکوری کوردستان و ئەوانەی کەپێشتر لەناو پارتی ئاشتی و دیموکراتی کورد (BDP) کاریان دەکرد، بەلاّم هەر لەناونانی پارتەکەیاندا دەردەکەوێت کە خواستیان ئەوەیە پارتەکەیان جیاواز لەئەزمونەکانی رابردوو بۆ زیاتر خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆی سیاسی تورکیا جەخت لەسەر دیموکرات بونی کۆمەڵگا و بەرجەستەکردنی ماف و بەرژەوەندی کۆی گەلانی تورکیا بەگشتی و کورد بەدیاریکراوی بکات.

لەلایەکی دیکەوە ئەم پارتە بە پارتێکی کوردی دەناسرێت و لای زۆرێك وەك کۆپی دووەمی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کوردستان ناودەبرێت، بەلاّم رێرەوی چالاکیەکانیان روەو ناوچە جیاوازەکانی خۆرئاوای تورکیا ئاراستەی گرتووە. لای هەندێکی دیکە بە پارتێکی دیموکرات و هەندێکیش وەك پارتێکی چەپ و بەشێکیش لە باڵی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان ئاماژە و پێناسی دەکەن.

یەکەمین کۆنگرەی ئەم پارتە لە رێکەوتی ٢٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٣دا بەسترا لەژێر ناونیشانی " ئەمە تەنها سەرەتایەکە ".

## ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی گەلان : هەدەپە

ئامانجە سیاسی و مەدەنیەکانی ئەم پارتە لەناو پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی پارتەکەدا رونکراوەتەوە[5]، ئەم پارتە تێدەکۆشێت لەپێناو بەگژداچونەوەی گشت تایبەتمەندێتیەکی نەتەوەی و رەگەزی، کاردەکات بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەران لەسەر بنەمای یەکسانی بۆ سەرجەمی هاولاّتیانی تورکیا، ئەوەش بە بەدیهێنان و هێنانە ئارای بنەماکانی دیموکراتی لەرێگەی سیستمێکی دیموکراتەوە.

ئەم پارتە وەك لەپەپرەوەکەیدا هاتووە بە پلەی یەکەم نوێنەرایەتی گشت ئەو چین و توێژانە دەکات کە لەتورکیادا مافخوراو پەراوێزخراون و وەك هاولاّتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، دواتر کار بۆ بەرژەوەندی گشتی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی تورکیا دەکات. ئەمەش بەشێکە لە ستراتیژی پارتەکە.

لەناو ئەم پارتەدا ئافرەتان رۆڵێکی بەرچاویان هەیەو رێژەی ٥٠٪ ئەم پارتە پێك دەهێنن، گەنجانیش ١٠٪ و رەگەزەکانی دیکەش ١٠٪ ئەم پارتەیان پێکهێناوە.

لەم پارتەدا کار بەسیستمی هاو سەرۆك دەکرێت، بەجۆرێك سەرۆکی یەکەمی پارتەکە بۆ خانمێك دەبێت کە لەئێستادا (فیگان یوکسیك داغ) لەو ئەرکەدایە، هاوسەرۆکی پارتەکەش بۆ رەگەزی بەرامبەر دەبێت کە لە ئێستادا (سەلاّحەدین دەمیرتاش) رێبەرایەتی دەکات.

---

5. بۆ زانیاری زیاتر بروانە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی گەلان:

Parti Programı, HALKLARIN DEMOKRATİK PARTİSİ PROGRAMI:
http://www.hdp.org.tr/parti/parti-programi/8




**هەردوو سەرۆكی پارتی هەدەپە ( فیگان یوكسیك داغ ) و ( سەلاحەدین دەمیرتاش )**

یەكەم بەشداری فەرمی ئەم پارتە لەبواری حكومرانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەكانی ٢٠١٤، كاتێك كە بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموكرات (BDP) بەشداریان كرد و ڕۆڵەكانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشكرد. بەجۆرێك پارتی ئاشتی ودیموكراتی كورد لەوناوچانە بانگەشەی دەكرد كەزۆرینەی دانیشتوان و پێكهاتەكەی كورد زمان بون. پارتی دیموكراتی گەلانیش لە ناوچەكانی دیكەی توركیاچالاكی هەڵبژاردنی ئەنجامدەدا. سەرەنجام توانیان ٦.٢٪ دەنگەكان بەدەست بهێنن.

دوای هەڵبژاردنەکانیش هەردو پارت ریزەکانی خۆیانیان رێك خستەوە لەژێر پەیکەرێکی هاوبەشدا یەکیانگرت، بەجۆرێك هەنگاوەکە سەرەتا لەپەرلەمانەوە دەستیپێکرد، پاش ئەوەی هەردولا کە فراکسیۆنێکی هاوبەشیان لەناو پەرلەماندا پێکهێناو پەرلەمانتارەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراتیش چونە پاڵ پەرلەمانتارەکانی پارتی دیموکراتی گەلان. بەم جۆرەش فراکسیۆنێکی ٣٥ ئەندامیان پێکهێنا. عەبدولاّ ئۆجەلانیش بە بۆنەی ئەو یەکگرتنەوە پیرۆزبای خۆی ئاراستەی کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی گەلان کرد لە ٢٢ حوزەیرانی ٢٠١٤ دا و رایگەیاند " ئەم پارتە نوێیە وێستگەیەکی گرنگی دەبێت لەتێکۆشانی نەتەوەیدا لەپێناو بەدیهێنانی دیموکراتی لەتورکیادا" هیوا خوازیش بوو کەئەم پارتە بتوانێت سود لەئەزمونی پارتی ئاشتی و دیموکرات وەربگرێت وسنوری چالاکیەکانی خۆی بەرفراوانتر بکات و خۆی بگەیەنێتە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

## هەدەپەو سەرکێشی و بەربەستی ١٠٪

پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) لەئێستادا تەنها پارتێکە لە دەرەوەی پەرلەمانی تورکیا نوێنەرایەتی کورد دەکات، بەلاّم بۆ ئەم هەڵبژاردنە بریاریداوە وەك پارتێکی سیاسی، ئەندامەکانی بنێرێتە پەرلەمانی تورکیا و بەفەرمی ببێتە دەنگی یەکگرتوی کورد لەپەرلەمانی ئەو وڵاتەدا. هەدەپە هەرچەندە لە بنەڕەتدا پارتێکە کە لە پێناو مافەکانی کورددا خەبات دەکات، بەلاّم لەئێستادا توانیویەتی سەرنجی بەشێکی زۆری عەلەویی و ئەرمەنەکان رابکێشێت و فرە رەنگییەکی زۆر لە نێوان کاندیدەکانیدا دروستبکات

لەهەڵبژاردنەکانی رابردودا پارتە کوردییەکانی باکوری کوردستان لە ترسی تێنەپەڕاندنی بەربەستی لە ١٠٪ بە کاندیدی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی تورکیایان دەکرد. بەلاّم ئەمە هۆکار بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری دەنگی کورد بەفیڕۆ بچێت و ژمارەیەکی کەم لە کاندیدییان بچێتە پەرلەمانەوە. بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٧ دا کوردەکان تەنها بە ٢٠ کاندیدی سەربەخۆ چونە پەرلەمانی تورکیا، ساڵی ٢٠١١ ژمارەی نوێنەرە سەربەخۆکانی کورد بوو بە ٣٥ ئەندام، ئەمەش بەرامبەر بوو بە نزیکەی رێژەی (٦٪) کورسیەکانی پەرلەمانی تورکیا. بەلاّم دوای ئەوەی (سەڵاحەدین دەمیرتاش) کاندیدی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠١٤ تورکیا توانی (٩.٣٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت.

متمانەی هەدەپە بۆ تێپەرکردنی ئەم بەربەستە یاساییە زیادی و کردو پارتەکەی (دەمیرتاش) بڕیاریدا بۆ یەکەمجار لەم هەڵبژاردنەدا وەك گەورەترین پارتی کوردی تورکیا، بە پارتێکی یەکگرتوو بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی

٢٠١٥/٦/٧ دا بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە باس لەوە دەکرێت کە بریاری بەشداری هەدەپە بەپارتێکی سەربەخۆ لەلایەن (عەبدولاّ ئۆجەلان)ەوە بریاری بۆ دەرچووە، چونکە چیتر ئۆجالان لەم قۆناغەدا گەشتوەتە ئەو بروایەی کێشەی کورد پێویستی بەخەباتی سیاسی و دیموکراتی هەیە، بەو پێیەی دەبێت ئیتر کورد بچێتە ناوەندی بریارەوە خۆی بریار لەماف و چارەنوسی خۆی بدات لە تورکیادا. نەك بەردەوام بێت لە خەباتی چەکداری لەتورکیادا. ئەم راستیەش بە بریاردانی ئۆجەلان بۆ ئاگربەست و دانانی چەك لەلایەن پارتی کرێکارانەوە بەرونی دەردەکەوێت.

دەمیرتاش لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ٢٠١٤ دا توانی سەرکەوتوبێت لە راکێشانی سەرنجی دەنگدەرانی غەیرە کورد، چونکە کارنامەیەکی سیاسی پەیڕەوکرد کە تیایدا ئەجێندایی چەپی لە خۆگرتبو بە لەئامێزگرتنی یەکسانی و ئازادی و داوەری کۆمەڵایەتی و بەخشینی ماڤی کەمە نەتەوەکان، تەنانەت پرسی ئافرەتانیش بەتایبەت باسی لەبارەوە کرابوو. لەم هەڵبژاردنەشدا هەدەپە زۆر بە بەرنامەتر کارنامە سیاسیەکەی خۆی دارشتوەو لەسەر کۆی پرسەکان سەرنجی کراوەی بۆ دەنگدەرانی تورکیا خستوەتە روو. لەپێناو راکێشانی دەنگی کۆی پێکهاتەکانی تورکیا.

لەگەڵ ئەوەشدا هەدەپە سەرکێشی گەورە دەکات لەم هەڵبژاردنەدا، چونکە لە دۆخی تێنەپەراندنی ١٠٪ لەلایەن هەدەپەوە بەتایبەت لەناوچە کوردیەکان، ئەگەر زۆرە ئەکەپە وەك پارتی دووەم و رکابەری هەدەپە لەو ناوچانەدا، دەنگە بەدەست هاتوەکانی هەدەپە بۆ خۆی بچنێتەوە، لەم کاتەشدا هیچ کاندیدێکی هەدەپە ناچێتە پەرلەمانەوە.

بەم جۆرە هەدەپە بێبەش دەکرێت لە نوێنەرایەتی کردنی کورد لە پەرلەمانی تورکیادا. دور نییە لێرەوە دۆسیەی کورد هەنگاوێك روەو دواوە هەنگاو هەڵنەگرێت و سیاسەتی ناوخۆی تورکیاش دوچاری داخرانی زیاتر نەبێت. چونکە هەدەپە تاکە ناوبژیوانی فەرمی نێوان سێکوچکەی (ئیمراڵی و ئەنکەرە و قەندیلە). بەنەمانی ئەم نێوەندگیریەش بەرای زۆرێك لە چاودێران  ئەگەر هەیە بارگرژی روو لەدۆخی سیاسی تورکیا بکات. بەلاّم پەرلەمانتارێکی هەدەپە (گوڵتان کشناك) رەتیدەکاتەوە کە ئەگەر بەربەستەکە تێپەر نەکەن کاردانەوەی نێگەتیڤ بنوێنن.

لەم بارەوە گوڵتان دەڵێت:"ئێمە بەردەوام دەبین لەسیاسەتکردن و درێژە بەخەباتی سیاسی دەدەین". بەلاّم ئەگەر هەدەپە توانی رێژەی لە ١٠٪ دەنگ تێپەرێنێت، ئەوا پرۆسەی دیموکراسی و ئاشتی نێوان کورد و تورك، رو لەقۆناغێکی نویێ دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە هاوسەنگیەکانی ناو پەرلەمان بەیەکجاری دەگۆرێ، چاوەڕوان دەکرێت هەدەپەش دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت بۆ کاریگەرترکردنی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیادا.

بۆ ئەم هەڵبژاردنە هەدەپە جیاواز لەهەڵبژاردنەکانی رابردوو لە هەمو سنوری تورکیادا کاردەکات بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بەو کەمینانەی کە بەردەوام وەك ستەملێکراو گوتارەکانیان ئاراستەی حکومەتی ئەو ولاّتە دەکەن.

لەدیارترینیشیان بریتین لە( ژنان، کرێکاران، کەمایەتی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیەکان وەك عەلەویی و ئەرمەن وعەرەب و بلوجەکان و رەگەزی سێهەم ... ئەم راستیەش بە فرە رەنگی و گشتگیری و بەرفراوانی پاڵێوراوەکانی هەدەپەوە رەنگیداوەتەوە.

ئاژانسی هەواڵی فورات لەم بارەیەوە دەڵێت: "لیستەکەی هەدەپە ئیسلامی، ئەرمەنی، عەلەوی، کرێکاران، ژنان، ژینگەپارێزان، چالاکەوانانی بواری هاورەگەزبازی و نوێنەری هەمو ئەو گروپانەشی تێدایە کە لە تورکیادا زوڵمیان لەهەمبەر ئەنجامدراوە".

**نەخشەی ناوچە جیاوازەکانی دەنگی چوار پارتە سەرەکیەکەی تورکیا**



## هەدەپەو دەرفەتی تێپەراندنی بەربەستی ١٠٪

چەند هۆکارێك هەن کە دەرفەت و چانس دەبەخشنە هەدەپە بۆ تێپەراندنی رێگریەکانی ١٠٪ کە دەتوانین بەسەر چەند بوارێکدا دابەشیان بکەین:

## یەکەم: سیاسەتەکانی حکومەتی ئەکەپە لەم بوارانەدا

### ١. لاوازبونی سیاسەتی ئابوری حکومەتی تورکیا

زۆرێك لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا رەخنە ئاراستەی سیاسەتی ئابوری حکومەتەکەی ئەردۆگان دەکەن، بەو پێیەی دوای ساڵی ٢٠٠٩ دۆخی ئابوری تورکیا روی لە داکشان کردووە. بەو هۆیەشەوە رادەی بێکاری زۆر زیادی کردوە و بەرزترین رێژەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا تۆمارکردووە، لە لایەکی دیکەشەوە بەهای لیرەی تورکی لە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی دابەزینی دیاری بەخۆیەوە بینیوە. حکومەت روبەوروی گەندەڵی دارایی بوەتەوە.
بەو هۆیەوە ساڵی ٢٠١٣ چەند وەزیرێکی ئەکەپە، بەتۆمەتی دەوڵەمەنبونی ناشەرعی دەستیان لەکارکێشایەوە. (محەمەد شیمشێك) وەزیری دارایی پێشوی تورکیا لەبارەی دۆخی ئابوری تورکیاوە رایگەیاندووە کە "پێدەچێت تورکیا لە ئایندەدا رووبەرووی قەیرانێکی دارایی هاوشێوەی ئەوەی یۆنان ببێتەوە".
بەم هۆیەوە پاکێجی زۆرێك لەپارتە رکابەرەکانی ئاك پارتی جەختیان لەسەر بوژاندنەوەی کەرتی ئابوری تورکیا کردوەتەوە، لەو نێوەندەشدا هەدەپە پاکێجی تایبەتی بۆ کەرتی ئابوری دارشتووە.

### ٢. خواستی گۆڕینی سیستەمی حکومڕانی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی

رەجەب تەیب ئەردۆغان و پارتی ئەکەپە بە فەرمی رایانگەیاندووە کە مەبەستی لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٥/٧/٦، بە دەستهێنانی دو لەسەر سێی دەنگەکانە، تاوەکو بتوانن لە رێگەی دەنگدانی پەرلەمانییەوە دەستور بگۆڕن و سیستەمی حکومرانی لە پەرلەمانییەوە بۆ سیستمێکی ناوەندی بەهێزی سەرۆکایەتی بگۆرن. ئەمەش بریتیە لە پرۆژەی خەونی سوڵتانیەتی ئەردۆگان و پارتی ئەکەپە لەتورکیادا. ئەکەپە ئەمە یەکەمجار نیە کار لەسەر ئەم پرۆژەیە دەکات دوابە دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠١١ دا، ئەردۆغان هەوڵیدا دەستورێکی نوێ بۆ تورکیا دابرێژێت، بەڵام شکستی هێنا. ئەوەش بەهۆی نەبونی کۆدەنگی پێویست.

ئەکەپە خواستی یەکەمی ئەوەیە کە بتوانێت دەستوور بە بیٚ ریفراندوم و گەڕانەوە بۆ رای هاوڵاتیان لە پەرلەماندا تێبپەڕێندرێت، ئەمەش پێویستی بە ٣٧٥ دەنگی بەڵێی پەرلەمانی دەبێت. رەجەب تەیب ئەردۆغانیش لە پارێزگای وانی باکوری کوردستان بە ئاشکرا لەم بارەوە گوتی: "من ٤٠٠ ئەندام پەرلەمانم دەوێت". ئەوە جگە لەوەی ئەکەپە بە ٣٣٠ کورسی دەتوانێت پێشنیاری گۆرینی دەستور بکات، بەلاّم ئەو کات پرۆسەکە پێویستی بەریفراندۆم و گەراندنەوە بۆ رای هاولاّتیان دەبێت.

لەئێستادا ئەکەپە خاوەنی ٣١٢ کورسیە، لەم پێناوەشدا ٦٣ کورسی پێویست دەبێت ئەمەش کردەیەکی قورسە بۆ ئاك پارتی کە زۆرێك لە پێشبینیەکان پێیان وایە ئەکەپە نەك ناگاتە ئەو ژمارە کورسیە، بەلّکو ئەگەری دابەزینی دەنگەکانی چاوەروان دەکرێت.

ئەم خواستەی ئەکەپە لەسەر ئاستی زۆرینەی پارتەکانی تورکیا روبەروی رەخنەیەکی زۆر بوەتەوە، تەنانەت دەنگۆی ئەوەش هەیە کە لەناو ئەکەپەدا خواستێك هەیە بۆ ئەوەی سیستمی ولاّت بە پەرلەمانی بمێنێتەوە. لەم پێناوەشدا زۆرێك لەپارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا دژایەتی ئەم بیرۆکەیەیان کردوە بەبەشێك لەبانگەشەی هەڵبژاردنەکانیان، بۆ نمونە (کەمال کیلیچدار ئۆغلۆ) سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری و گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دژایەتی خۆی و پارتەکەی بۆ سیستمی سەرۆکایەتی دەربڕیوە. لە لایەکی دیکەوە (سەلاّحەدین دەمیرتاشی) هاوسەرۆکی هەدەپە رایگەیاند " ئەگەر دەتانەویٚ رێگربن لەبەردەم خواستی پارتی دادو گەشەپێدان بۆ گۆرینی سیستم ئەوا دەنگمان پیٚ بدەن تا ١٠٪ مسۆگەر بکەین و ببینە مۆتەکە لەبەردەم ئەم خەونەی ئەردۆگاندا".

لەم بارەیەشەوە دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ڤێرای تورکی راپرسیەکی ئەنجامداوە و پرسیاری لە هاونیشیمانیانی تورکیا کردووە لەسەرخواستیان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی. لە وەلاّمدا ٤٨٪ هاولاّتیان بە نەخێر وەلاّمیانداوەتەوە، لە بەرامبەردا ٤٠.٣٪ دانیشتووانی تورکیا بە بەڵی بۆ گۆرینی سیستم دەنگیانداوە و ١١.٧٪ هاولاّتیانیش هیچ بریارێکیان لەو بارەیەوەنەداوە.

### ٣. کێشەی کورد و پرۆسەی ئاشتی

هەرچەندە پرۆسەی ئاشتی تورکیا لەسەر دەستی رەجەب تەیب ئەردۆغان دەستپێکرد، بەڵام پێدەچێت ئەم کێشانە بە چارەسەرنەکراوی لەسەر دەستی ئاك پارتی بمێننەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ( ئەحمەد داود ئۆغلۆ) لە ئەنقەرە کارنامەی پارتەکەی بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیا خوێندەوە و هیچ باسێکی کوردو کێشەی کوردی تێدا نەکرابوو.

لە لایەکی دیکەوە (ئەردۆغان) رایگەیاند "کە کێشەی کورد لە تورکیادا بوونی نییە، کێشەی کورد لە دەرەوە دروستدەکرێت نەك ناوخۆی تورکیا". هاوکات ئەم لێدوانەی ئەردۆگان وەك تاکتیکێك لێك دەدرێتەوە بۆ راکێشانی هاوسۆزی دەنگدەرە نەتەوە پەرستەکانی تورکیا، چونکە ئەمە یەکەمجار نییە کە ئەردۆگان ئەم جۆرە لێدوانانە دەدات بەر لەئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێکی گرنگ لە تورکیادا بەمەبەستێکی دیاریکراو. لەم قۆناغەشدا پێدەچێت ئەردۆغان و ئاك پارتی خواستیان هەبێت بۆ ڕاگرتنی جۆرێك لەهاوسەنگی لە نێوان دەنگەدەرە نەتەوەپەرستەکان و کوردەکانی تورکیادا. بەڵام دور نییە ئەم هەنگاوەی ئەردۆگان، بە پێچەوانەوە کاریگەری لەسەر ئەو دەنگدەرە کوردانە دروست نەکات کە پێشتر دەنگیان بە ئەکەپە پارتی دابوو.

لەلایەکی دیکەشەوە بۆچونێك هەیە پێی وایە کە روداوەکانی (کۆبانی) و رۆڵی نێگەتیڤی تورکیا لە بەرامبەر ئەو پرسەدا، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو دەنگدەرە کوردە نەتەوەییانەی کە پێشتر دەنگیان بە ئەردۆگان دابوو. بەتایبەت پاش داخستنی سنورەکانی تورکیا بەروی ئاوارەکانی کۆبانی و سەرکوتکردنی خۆپیشاندای هاوسۆزی کوردانی باکور بۆ بەهاناوەنەچونی کۆبانی و بەشدارینەکردن لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچونەوەی داعش.

### ٤. هۆکارەکانی دیکە

لەوانەش بەردەوامی ململانێکانی نێوان (ئەردۆگان و فەتحولاً گویلەن) کە لەساڵی ٢٠١٣ بەردەوامی هەیە و جۆرێك لە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لەتورکیادا دروستکردووە، بەرتەسکردنەوەی ئازادی بواری میدیا و چالاکی سیاسی سەندیکا چەپ و کرێکاریەکان. بۆ نمونە تورکیا بەپێی راپۆرتی (رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور)[٦] لەساڵی ٢٠١٤ لەریزبەندی ١٨٠ دەوڵەتدا، تورکیا پلەی ١٥٤ دەوڵەتی گرتووە، سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان

---

٦ . بۆ زانیاری زیاتر بروانە راپۆرتی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور لەساڵی ٢٠١٤:

#https://rsf.org/index2014/ar-index2014.php

بەتوندترین شێوە (نمونەی خۆپیشاندانەکانی پارکی گیزی ٢٠١٣)، پشتیوانی ناراستەوخۆ لەداعش و نەچونە نێو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ جەنگی دژ بەداعش، هتد ....)

## دووەم: مانیفێست و سیاسەتی هەڵبژاردنی هەدەپە

ئەم بوارەیان پەیوەندیدارە بەو سیاسەتی هەڵبژاردنیەی کە هەدەپە کاری لەسەر دەکات و لەرێگەی (مانیفێست) پرۆژە و بەرنامەی هەڵبژاردنیەکەیەوە بانگەشەی بۆ دەکات، بەرنامەی سیاسی هەڵبژاردنی هەدەپە دروشمی (ژیانێکی نویَ)ی بەرزکردوەتەوە و بۆ ١٢ بەش دابەش کراوە. لە گرنگترین ئەو بوارانەش کە هەدەپە پاکێجی تایبەتی بۆ دارشتون بریتین لە:

**١. مافی ئافرەتان**

هەدەپە پاکێجی تایبەتی ئاراستەی ئافرەتانی تورکیا کردووە، ئەوەش لەپێناو زیاتر فەراهەمکردنی ماف و ئەرکەکانیان. هەدەپە بانگەشە بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکەن لە ئەرك و مافدا، تەنانەت ئامادەیشیان نیشانداوە کە مافی ئازادی ببەخشنە رەگەزی سێهەم و رێگریەکانی بەردەم هەڵبژاردنەکانی ئەو توێژەش لابدەن.

ئافرەتان توێژێکی چالاکن لەبەشداری هەڵبژاردنەکاندا، بۆنمونە ٥٢٪ دەنگدەرانی ئەکەپە لە ئافرەتان پێك دێت، لەم پێناوەشدا هەدەپە ئامانجیەتی سەرنجی ئافرەتانی ئەکەپە و تورکیا بۆ پرۆژە چاکسازیەکانی لەم روەوە رابکێشێت. لەلایەکی دیکەشەوە هەدەپە بەشێك لەم خواستەی خۆی لەرێگای کاندیدکردنی زۆرترین ئافرەت لەناو کاندیدەکانیدا نیشانداوە. لەئێستادا هەدەپە ریزبەندی یەکەمی گرتووە لەنێوان ٢٠ پارتەکەی تورکیادا، بۆ ٥٥٠ کاندید، ٢٦٨ ئافرەت لە لیستەکەیدا دەبینرێت. دوای ئەویش پارتی کۆماری دێت، کە لە لیستەکەیدا ١٠٣ کاندیدی ئافرەت لەخۆگرتووە.پارتی ناسیۆنالیستیش ٦١ کاندید و پارتی زۆرینە و فەرمانرەوا (ئەکەپە)ش رێژەی ژنانی پاڵێوراوی کەمترە لەرێژەی ٢٠٪ و نزیکەی ٩٩ ئافرەت لەخۆی گرتووە.

لەدیارترین پەیامەکانی هەدەپە بۆ ژنان لەم هەڵبژاردنەدا بریتین لە ( دانانی وەزارەتێك بۆ ژنان، رێزگرتن لەزمانی دایك لە سەرجەم دام و دەزگا فەرمیەکاندا، ٨ مارس بکرێت بەرۆژی پشوی خانمان لەتورکیادا، بەگژداچونەوەی زاڵدەستی پیاوان و دانانی سزای یاسای توند دژ بەتوندوتیژی رەگەزی بەرامبەر، برینەوەی بیمەی کۆمەلأیەتی بۆ خانمانی ناوماڵ ..هتد)

## ٢. گەنجان و کێشەکانیان

گەنج یەکێکی دیکەیە لەسێکتەرە دیارەکانی بەرنامە هەڵبژاردنیەکەی هەدەپە، چونکە گەنجان داینەمۆی هەڵسورێنەری پرۆسەی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەلآیەتین. هەدەپە لەرێگای پاکێجێکەوە ئاراستەی گەنجانی دەکات و تیایدا چەند خاڵێك خراونەتە روو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەدیارترینیشیان بریتین لە (دابینکردنی هەلی کار و ئاسانکاری کردن بۆ پرۆسەی خوێندن، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی باڵای پەروەردەیی، دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ، ئەکتیڤ کردنی رۆڵی زانکۆ، دامەزراندنی وەزارەتی لاوان بۆ ئەکتیڤ کردنی چالاکی گەنجان، کەمکردنەوەی مافی دەنگدان لە ١٨ ساڵ بۆ ١٦ ساڵ، کەمکردنەوەی مافی خۆکاندیدکردن بۆ نمونە لەپەرلەمان لە ٣٠ ساڵ بۆ ١٨ساڵ، دانانی پرۆژەی (پسولەی ژیانی گەنجان) کەخۆی دەبینێتەوە لەئاسانکاری کردن لە چونە ناوەوەی گەنجان بۆ شوێنگە گەشتیاری و کۆمەلآیەتی و رۆشنبیریەکان بەبێ بەرامبەر، دواجار دانانی یاسایەکە کە مانگانە بری ٢٠٠ لیرەی تورکی ببەخشێتە چینی گەنجان لە هەردو رەگەز وەك بەشێك لەمافەکانیان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان.

## ٣. مافە کۆمەلآیەتیەکان

هەدەپە پاکێجێکی دارشتوە بۆ مافە گشتیە کۆمەلآیەتیەکان و بەڵێنی چاکسازی دەدات لەسیستمی پەروەردەو ئابوری و تەندروستی تورکیادا، هاوکات باسی لەمافی مندالآن و بەتەمەنەکان و کەم ئەندامان و چینی هەژاران و کرێکاران کردووە.

بۆ نمونە هەدەپە بەلێن دەدات بە( داخستنی زیندانی مندالآن لەتورکیادا، بەگژداچونەوەی رەگەزپەرستی دژ کۆچبەران و پەنابەران، بەرزکردنەوەی موچەی هاوڵاتیان لەسەرجەم سێکتەرەکانی کارکردندا، بەجۆرێك کەمترین موچە بریتی بێت لە ١٨٠٠ لیرەی تورکی لەمانگێکدا، بەرزکردنەوەی هاوکاری کۆمەلآیەتی بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان بۆ ٦٥٠ لیرەی تورکی لەمانگێکدا، برینەوەی ٩١ دۆلار بۆ ئەوانەی هیچ موڵکێکیان نیە وەك هاوکاری بۆ بەکرێگرتەی موڵکێکی گشتی، هاولآتیان دەتوانن مانگانە بری زیادەی 10ms ئاو و 180kw کارەبا بەبێ بەرامبەر وەربگرن).

### ٤. مافی بەشداری سیاسی و ڕێگری لە گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی تورکیا و پرۆسەی ئاشتی

هەدەپە لەپێناو فەراهەمکردنی ڕێگاکانی بەردەم پرۆسەی بەشداری سیاسی لەتورکیادا، بڕیاریداوە بە کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەدەستهێنانی ١٠٪ی دەنگەکان، کە لەئێستادا بوەتە یەکێك لەڕێگرە دیارەکان لەبەردەم کەمینەکان و پارتە بچوکەکانی تورکیا، کە بەم هۆکارە ناتوانن نوێنەری ڕاستەقینەیان لەڕێگای پارتێکی سیاسیەوە بنێرنە پەرلەمانی تورکیاوە. لەپێناو فرە ڕەنگی پەرلەمانی، هەدەپە بڕیاریداوە لەئەگەری تێپەڕاندنیان بۆ ١٠٪، یەکێك لەکارە لەپێشینەکانیان لەپەرلەماندا بریتی دەبێت لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە.

لەلایەکی دیکەوە هەدەپە بڕیاریداوە دژایەتی پرۆژەکەی ئەکەپە پارتی بکات، کە ئامانجی گۆڕینی سیستمی حکومڕانی تورکیایە لەپەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، لەڕێگای دەستورەوە. ئەمەش بوەتە یەکێکی دیکە لەگوتارە دیارەکانی ئەم پارتە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا.

ئەوەی تایبەتە بە پرۆسەی ئاشتی تورکیا، هەدەپە دەیەوێت پاش تێپەڕاندنی ١٠٪، لەڕێگای فشاری پەرلەمانیەوە و فراکسیۆنێکی بەهێزەوە هێزی زیاتر بدات بەم کەیسەو حکومەتی تورکیا ناچاربکات، کە پرۆژەی چاکسازی و ئاشتی بخاتە دۆخی جێبەجێکردنەوە و چارەسەری کێشەی کورد ببێتە ئەولەویاتی حکومەتی ئایندەی تورکیا. واتە هەدەپە دەیەوێت ببێتە پارتێکی کاریگەر لەم ڕووەوە ببنە بەشدار لەپرۆسەی سیاسی و ڕۆڵیان هەبێت لە هەڵسوراندنی کردەی دیموکراسی لە تورکیادا.

### ٥. مافی کەمە نەتەوەکانی تورکیا

هەدەپە لەبەرنامە سیاسیەکەیدا وەك پارتێکی سیاسی بۆ گشت نەتەوەکانی تورکیا خۆی نمایش دەکات نەك وەك پارتێك کە خۆی تەنها بۆ بەدەستهێنانی پرسی کورد یەکلا کردبێتەوە. ڕاستە هەدەپە پارتێکە هەڵگری ناسنامەی کوردییە، بەڵام بڕیاریداوە ببێتە پارتێك جگە لە مافی کورد کە داکۆکی بکات لەمافی گشت کەمە نەتەوەکانی دیکەی تورکیا. لەوانەش (شیعە و عەلەوی و ئەرمەن و عەرەب و جەرکەس و جۆرجی و یۆنانی ...هتد ). کە لە ١٢٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێك دەهێنن. لەم پێناوەشدا هەدەپە توانیویەتی لەتەواوی ناوچە جیاکانی تورکیا و لەرەگەزو نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز کاندید دەستنیشان بکات و پشکێکی دیار بداتە کاندیدە عەلەوی و ئەرمەنەکان، تاوەکو لەڕێگایانەوە داکۆکی لەمافی مەزهەب و نەتەوەکانیان بکەن لە پەرلەمانی تورکیادا.

بۆ نمونە لە مانیفێستەکەدا ڕایدەگەیەنێت کە پێویستە شیعەکان بتوانن بەئازادی و بەبێ هیچ سانسۆرێك مومارەسەی پیرۆزیەکانیان بکەن و ناوەندە ئاینیەکانیان بەفەرمی بناسرێن، بۆ ئەرمەنەکانیش هەدەپە بەئاشکرا ڕایگەیاندووە

کەپێویستە پرۆسەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن حکومەتەوە بەیاسا بناسرێت و دانی پیادا بنرێت. ئەم هەڵوێستانەی هەدەپە هۆکار بوو بۆ ئەوەی فیدراسیۆنی ئەرمەنییەکانی ئەوروپا بە پەیامێکی فەرمی جگە لەئەرمەنەکانی تورکییا داوا لە تورکەکاکانی تاراوگە بکات، تا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا، دەنگ بە پارتی دیموکراتی گەلان(هەدەپە) بدەن. چونکە وەك لە بلاّوکراوەکەدا هاتووە هەدەپە "هێزێکی پێشکەوتوخوازە و بوونی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا، واتە بوونی گروپێك کە پشتگیری لە ئازادی، یەکسانی و دادوەری دەکات". وەك چۆن هیوای سەرکەوتنیشیان بۆ هەدەپە خواستووە.[٧]

**٦. ئازادکردنی میدیا**

جەختکردنەوە لەسەر رۆڵی گرنگی میدیا یەکێکی دیکەیە لەبەشە گرنگەکانی مانیفێستی هەڵبژاردنی هەدەپە، هەدەپە کاردەکات بۆ ئازادکردنی میدیا و دەرکردنی یاسایەك کە دەستکراوەیی ببەخشێتە رۆژنامەنوسان، ماف و ئازادیەکانیان بپارێزێت و پێشێلکاریەکانی رۆژنامەنوسان بەیاسا سنورداربکرێن، کۆتایی هێنان بە پرۆسەی سانسۆر لەسەر بواری راگەیاندن لەدەستگەیشتن بەزانیاریەکان، هاوکات هەڵگرتنی ئەو سانسۆر و فشار و لۆبیەی کە خراوەتە سەر تۆرە کۆمەلاّیەتی و هێڵە ئینتەرنێتیەکان لە تورکیادا.

## سێهەم : هۆکارەکانی دیکە

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە دەبنە پاڵپشتی بۆ تێپەڕاندنی بەربەستی رێژەی ١٠٪ی دەنگەکان لە بەرژەوەندی هەدەپە، بریتییە لە بەشداری دەنگدەرانی تورك و کوردی نیشتەجێی ئەوروپا. لە هەڵبژاردنەکانی پێشوتردا کاتێك کە پالێوراوەکانی هەدەپە بە سەربەخۆ بەشدار دەبون، هەدەپە نەیدەتوانی وەك پارت سود مەند بێت لەدەنگی دەنگدەرانی وڵاتانی دەرەوە. چونکە بە کاندیدی سەربەخۆ بەشدار دەبون، بەلاّم ئەمجار هەدەپە وەك پارتێك بەشدارە، لەبەر ئەم هۆکارەش لایەنگرانی لە دەرەوەی تورکیا دەتوانن بەڕاستەوخۆ دەنگ بە پارتی هەدەپە بدەن.

---

7. بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

European Armenian Federation for Justice & Democracy Supports the Peoples' Democratic Party (HDP) in the 2015 Parliamentary Elections of Turkey
http://www.eafjd.eu/eafjd-supports-the-peoples-democratic-party-hdp-in-the-2015-parliamentary-elections-of-turkey.html

## پێشبینی و ئەنجامی راپرسیەکان

پێشبینی کردن بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەمیشە کردەیەکی ئاڵۆز و زەحمەتە، بەڵام بەردەوام ناوەندەکانی راپرسی و توێژینەوە داتای پێشوەختە بۆ ئەنجامەکان بڵاو دەکەنەوە و لێرەوە خوێندنەوە بۆ قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکان دەکرێت. لێرەدا نمونەی هەندێك لەو راپرسیانە بڵاو دەکەینەوە، کە بەمەبەستی پێشبینی کردن بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا ئەنجام دراون بەم جۆرە:

١. ناوەندی توێژینەوەی تورکی ( Research institute on Turkey) پێشبینی دەکات لەم هەڵبژاردنەدا هەدەپە بتوانێت بەرێژەی (٩.٨٧٪ – ١٠.١٪ ) بەدەست بهێنێت. ئەمەش بەرامبەرە بە ٥٤ کورسی پەرلەمانی.

٢. کۆمپانیای راپرسی (مترۆپل)ی تورکیا: پارتی دیموکراتیکی گەلان ١٠.٤٪ دەنگەکان، پارتی دادوگەشە ٤١.٧٪ی دەنگەکان، پارتی کۆماری گەلی تورکیا ٢٧.٧٪ دەنگەکان، پارتی بزاڤی نەتەوەپەرەستی تورکیا ١٧.٤٪ دەنگەکان، پارتەکانی دیکە: ٢.٨٪ دەنگەکان.

٣. کۆمپانیای راپرسی رای گشتی ئۆراسیا (AKAM): هەدەپە ١١.٨٪ دەنگەکان، ئەکەپە ٣٨.٣٪ دەنگەکان، جەهەپە ٢٧.٣ ٪ دەنگەکان، مەهەپە ١٨.١٪ دەنگەکان. هاوپەیمانی پارتی سەعادەت و پارتی یەکێتی گەورەی تورکیا ٣.٢٪ دەنگەکان، پارتەکانی دیکەش ١.٣٪ دەنگەکان.

٤. دەزگای راپرسی GENAR: هەدەپە ٨.٨٪ دەنگەکان، ئەکەپە ٤٧٪ دەنگەکان، جەهەپە ٢٦٪ دەنگەکان، مەهەپە ١٤.٦٪ دەنگەکان، پارتەکانی دیکە: ٣.٦٪ دەنگەکان.

٥. دەزگای راپرسی گزیچی: هەدەپە ١٠ ٪ دەنگەکان، ئەکەپە ٣٨.١٪ دەنگەکان، جەهەپە ٢٨.٥ دەنگەکان، مەهەپە ١٨٪ دەنگەکان، هاوپەیمانی پارتی سەعادەت و پارتی یەکێتی گەورەی تورکیا: ٤٪ دەنگەکان، پارتەکانی دیکە: ٠.٣٪ دەنگەکان.

٦. کۆمپانیای راپرسی SONAR : هەدەپە ١٠.٤٪ دەنگەکان، ئەکەپە ٤١٪ دەنگەکان، جەهەپە ٢٦٪ دەنگەکان، مەهەپە ١٨.١٪ دەنگەکان، هاوپەیمانی پارتی سەعادەت و پارتی یەکێتی گەورەی تورکیا: ٣٪ دەنگەکان، پارتەکانی دیکە: ١.٨٪ دەنگەکان.

٧. کۆمپانیانی راپرسی MAK: هەدەپە ٩.١٥٪ دەنگەکان، ئەکەپە ٤٥.١٥٪ دەنگەکان، جەهەپە ٢٤.٧٩٪ دەنگەکان، مەهەپە ١٥.٢٥٪ دەنگەکان، پارتەکانی دیکە: ٥.٦٦٪ دەنگەکان.

٨. لەڕاپرسی مانگی ٤–٢٠١٥ دەزگای (گزیچی) شاری ئەستەمبوڵ، کە کورد لە ٢٠٪ دانیشوانەکەی پێکدەهێنێت، پێشبینی دەکات هەدەپە ١٣٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێت، بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکەی ٢٠١١ کە هەدەپە تەنها ٥.٣٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو. ئەمەش بەرزبونەوەیەکی کەم وێنەیە لەبەرزبونەوەی دەنگی کورد تەنها لەو شارەدا.

٩. راپرسی دەزگای (KONDA کۆندا) پێشبینی کراوە کە هەدەپە بتوانێت ١١.٥٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت، لەبەرامبەردا ئەکەپە پارتیش دەنگەکانی ٤٩٪ بۆ ٤٠.٥٪ دابەزێت.

١٠. دوایین راپرسی دەزگای( ئاندی ئار ) ئەنجامیداوە، ئەم راپرسیەش پێشبینی کردووە کە هەدەپە بتوانێ ١٠.٧٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت. لەبەرامبەردا ئەکەپە ٤١.٩٪، جەهەپە ٢٥.٨٪، مەهەپە١٦.٠ ٪، پارتەکانی دیکە ٣.٢٪ دەنگەکان بەدەست بهێنن.

**نمونەی ئەنجامی راپرسیی بەشێك لە رێكخراوە حكومی و ناحكومییەكانی ناوخۆی توركیا**

| Yapılış Tarihi | Anketi Yapan | Katılımcı sayısı | AKP | CHP | MHP | HDP | SP | BBP | AP | VP | Diğer |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2-7 Mayıs | Benenson SG [1][n 1] | ? | 39,0 | 31,6 | 14,7 | 10,5 | - | | - | - | 4,2 |
| 6–7 Mayıs | CHP [2] | 1.618 | 39,2 | 28,1 | 17,8 | 10,3 | - | | - | - | 4,6 |
| 4–7 Mayıs | ORC [3] | 2,450 | 47,5 | 23,9 | 15,0 | 8,1 | 4,0 | | - | - | 1,5 |
| 3–7 Mayıs | Denge [4] | 5.073 | 45,6 | 25,5 | 15,1 | 9,5 | 2,3 | | - | - | 2,0 |
| 30 Nisan–7 Mayıs | Konsensus [5] | 1.500 | 43,9 | 26,7 | 15,8 | 9,7 | - | | - | - | 3,9 |
| 1–5 Mayıs | AKAM [6] | 2.262 | 38,3 | 27,3 | 18,1 | 11,8 | 3,2 | | - | - | 1,3 |
| 24–27 Nisan | AKAM [7] | 3.214 | 38,1 | 28,1 | 17,8 | 12,6 | - | *SP ile ittifak* | - | - | 3,4 |
| 18–21 Nisan | Metropoll [8] | 2.824 | 42,5 | 26,4 | 17,6 | 10,2 | 2,2 | | - | - | 1,1 |
| 20–27 Nisan | KamuAR [9] | 4.382 | 36,2 | 26,7 | 22,4 | 6,7 | 4,3 | | - | - | 3,7 |
| ? (ilanı 29 Nisan) | SONAR [10] | ? | 43,0 | 26,1 | 17,2 | 9,6 | 1,8 | | - | 1,6 | 0,7 |
| 20–26 Nisan | Gezici [11][12][13] | 4.860 | 38,1 | 28,5 | 18,0 | 11,0 | 4,1 | | - | - | 0,3 |
| ? (ilanı 27 Nisan) | MAK [14] | ? | 45,15 | 24,79 | 15,25 | 9,15 | 4,15 | | - | - | 1,51 |
| 11–17 Nisan | AKAM [15] | 5.160 | 40,7 | 25,5 | 18,0 | 11,4 | - | | - | - | 4,4 |
| 9–13 Nisan | ORC [16] | 4.200 | 48,3 | 23,7 | 14,4 | 8,9 | 2,7 | | - | - | 2,0 |
| 9–12 Nisan | Gezici [17] | 4.860 | 39,2 | 28,1 | 16,9 | 11,3 | 4,1 | | - | - | 0,5 |
| Mart sonu (ilanı 12 Nisan) | Metropoll [18][19] | 2.500 | 41,7 | 27,7 | 17,4 | 10,4 | - | - | - | - | 2,8 |
| Mart başı (ilanı 21 Nisan) | Metropoll [19] | ? | 41,8 | 26,0 | 17,7 | 9,8 | - | - | - | - | 4,7 |
| ? (ilanı 4 Nisan) | Andy-AR [20] | ? | 43,7 | 23,5 | 17,6 | 10,4 | - | - | - | - | 4,8 |
| ? (ilanı 30 Mart) | Denge [21] | ? | 47,0 | 26,0 | 14,6 | 8,8 | 1,6 | 0,6 | - | - | 1,4 |
| 18–24 Mart | ORC [22] | 3.178 | 50,3 | 23,0 | 14,1 | 8,6 | - | - | - | - | 4,0 |
| 12–21 Mart | KamuAR [23] | 8.763 | 35,6 | 27,2 | 21,8 | 7,2 | 3,4 | 1,3 | - | - | 3,5 |
| 7–8 Mart | Gezici [24] | 4.860 | 39,3 | 29,6 | 17,7 | 11,4 | - | - | - | - | 2,0 |

بەپێی ئەو راپرسیانەی هەتا ئەمڕۆ بڵاوكراونەتەوە، پارتی داد و گەشەپێدان AKP، پارتی گەلی كۆماری CHP، پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی MHP، پارتی دیموكراتی گەلان HDP و هاوپەیمانی پارتی سەعادەت SP و پارتی یەكێتی مەزن BBP، چاوەڕێ دەكرێت لەم هەڵبژاردنەدا زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنن.

بە وەرگرتنی تێكڕای پێشبینی راپرسییەكان دەنگەكانی هەدەپە رێژەی (٩٪ بۆ ١٠٪) تۆماردەكات. بەڵام وەك چۆن زۆرینەی راپرسی و پێشبینیەكان چاوەڕوانی سەركەوتنی هەدەپە دەكەن بۆ تێپەڕاندنی ١٠٪ دەنگەكان، لە بەرامبەردا ئەگەرێكی كراوەش هەیە لەبەردەم سەرنەكەوتنی هەدەپەو بێبەشبونی لە نوێنەرایەتی كردنی كورد و پێكهاتەكانی دیكەی توركیا، لە چوارساڵی ئایندەی پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا.

## سیناریۆ پێشبینی کراوەکان

**یەکەم:** ئەگەر پارتی دادو گەشەپێدان لەسەرو ٢٧٦ کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنن و بۆ جاری چوارەم دەتوانن حکومەتی زۆرینە دروست بکەنەوە.

**دووەم:** ئەگەر پارتی دادو گەشەپێدان شکستی هێنا لە بەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانیدا، ئەوا دەکرێت یەکەم حکومەتی هاوپەیمانی دروست بکرێت کە لەساڵی ١٩٩٩ دروست نەکراو، ئەوەش بە رێککەوتن و هاوپەیمانێتی نێوان (پارتە نەتەوەییەکان و پارتی دادو گەشەپێدان). یاخود هاوپەیمانی نێوان پارتە نەتەوەییەکان و پارتی گەلی کۆماری و پارتی ئەنازۆڵ و ، بەتایبەت ئەگەر ئەنازۆڵ توانی ١٠٪ تیَ بپەرێنێت.

**سێهەم:** ئەگەر هەدەپە توانی رێژەی ١٠ ٪ تێپەربکات، ئەوا دەبێتە خاوەن ٥٥–٦٠ کورسی پەرلەمانی، ئەمەش لەبەرامبەردا بە دو هێندە سەنگی کورد زیاد دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆکاری کەمبونەوەی کورسییەکانی ئەکەپە بۆ خوار ٣٠٠ کورسی.

**چوارەم:** ئەگەر هەدەپە ١٠٪ تێپەرنەکات، بەم هۆیەوە نزیکەی ٤ ملیۆن دەنگی دەنگدەرانی کورد بەهەدەر دەڕوات و هەدەپە مافی نوێنەرایەتیکردنی لە پەرلەمان لەدەست دەدات. لەبەرامبەردا زۆرینەی کورسییەکانی دەڕوات بۆ ئەکەپە. ئەکەپەش ژمارەی کورسیەکانی لەپەرلەماندا لە ٣١٢ بۆ ٣٤٠ کورسی نزیك دەبێتەوە، ئەمەش بەو واتایە دێت ئەکەپە بتوانیَ دەستور ئامادە بکات بۆ ریفراندۆم.

**پێنجەم:** ئەگەر هەدەپە ١٠٪ تێپەرنەکات، ئەوا ئەگەر هەیە کورد بەتایبەت لەپارێزگا کوردییەکان ئیدارەی خۆ بەرێوەبەری دیموکراتی رابگەیەنێت.

## سەرچاوەکان


١. سەلاحەدین دەمیرتاش: پێویستە دەوڵەتی تورکیا نەترسێت لە بەجینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان، بڕوانە:
http://www.awene.com/article/2015/04/24/40519

٢. 10%تێدەپەڕێنێت بەپێی راپرسیەك: هەدەپە سەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکان بەدەست دەهێنێت، بڕوانە:
http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=36844

٣. بومەلەرزە لەناو تورکیادا دروستدەکەن دەمیرتاشو هەدەپە ئەزموونی ٩.٧٪ دەنگەکانی هاوینی رابردوویان هەیە، بڕوانە:
http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=29518

٤. زانیاری ورد لە بارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی تورکیاوە، بڕوانە:
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=37632&Jor=53

٥. دەرئەنجامی ٧ راپرسی لەتورکیا HDP: لەسنوری مسۆگەرکردنی یاسای لەسەدا ١٠ی هەڵبژاردندایە، بڕوانە:
http://www.kurdpress.com/NSite/FullStory/News

٦. دەنگدەری کورد لە تورکیا دەنگ بەکێ دەدات؟، بڕوانە:
http://rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/250520152

٧. تورکیا ٤٦٪ پشتگیری سیستەمی سەرۆکایەتی دەکەن، بڕوانە:
http://rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/270520153

٨. ديمقراطية الشعوب ، وسيمة بن صالح حزب، على الموقع الالكتروني:
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2014/10/12/%D8%...

٩. حزب مناصر للأكراد يعد ناخبيه بالتحول إلى «كابوس» لإردوغان حال فوزه، على الموقع الالكتروني:
http://www.alriyadh.com/1041601

١٠. علي حسين باكير، الاستراتيجية الانتخابية لحزب الشعوب الديمقراطية الكردي في تركيا، على الموقع الالكتروني:
http://arabi21.com/story/832970/%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D8%..

١١. في انتخابات برلمان تركيا.. هل يتحقق حلم أردوغان؟، على الموقع الالكتروني:
http://www.masralarabia.com/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%...

١٢. لماذا قرر حزب الشعوب الديمقراطي دخول الانتخابات كحزب، على الموقع الالكتروني:
http://turkpress.co/node/8603

١٣. أحمد عطا، نظام الانتخابي في تركيا.. صارم ومفيد، على الموقع الالكتروني:
http://www.onislam.net/arabic/newsanalysis/analysis-opinions/islamic-world/99593-2007-07-19%2018-23-07.html

١٤. النظام الانتخابي ( دي هونت ) وكيفية احتساب وتقسيم وتوزيع المقاعد، على الموقع الالكتروني:
http://www.iraqalyoum.net/news.php?action=view&id=22797

١٥. 20حزب سياسي يخوضون الانتخابات البرلمانية في تركيا، على الموقع الالكتروني:

7310http://turkpress.co/node/

١٦. إنفوجرافيك: الانتخابات البرلمانية التركية بالأرقام، على الموقع الالكتروني:

http://turkpress.co/node/7952

١٧. حزب الشعوب الديمقراطي يدخل الانتخابات البرلمانية باستراتيجية جديدة، على الموقع الالكتروني:

http://turkpress.co/node/7309

١٨. لماذا قرر حزب الشعوب الديمقراطي دخول الانتخابات كحزب، على الموقع الالكتروني:

http://turkpress.co/node/8603

١٩. القوائم الانتخابية للأحزاب التركية .. لقطات ودلالات، على الموقع الالكترونى:

http://akhbarturkiya.com/?p=55204

٢٠. الاستراتيجية الانتخابية لحزب الشعوب الديمقراطية الكردي في تركي، على الموقع الالكتروني:

http://turkpress.co/node/8743

٢١. الانتخابات التركية البرلمانية ٢٠١٥، على الموقع الالكتروني:

http://www.alnahrain.iq/?p=2078

٢٢. في انتخابات برلمان تركيا.. هل يتحقق حلم أردوغان؟، على الموقع الالكتروني:

http://www.masralarabia.com/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1...

٢٣. عن نتائج انتخابات تركيا ٢٠١١

http://ar.mideastyouth.com/?p=9263

٢٤. الانتخابات العامة التركية ٢٠١١

http://www.marefa.org/index.php/%D8%A7%D9%84%D8%....

٢٥. التغيرات الكبرى في نسخة ٢٠١٤ من التصنيف العالمي لحرية الصحافة

https://rsf.org/index2014/ar-index2014.php#

http://akhbarturkiya.com/?p=55204

26. Kurdish hope for Turkish democracy ÖMER TAŞPINAR

http://www.todayszaman.com/columnist/omer-taspinar/kurdish-hope-for-turkish-democracy_375965.html

27. İşte Haziran 2015 en son seçim anketleri toplamı: Bugün seçim olsa anketlerin ortalaması ne olur

http://www.meydangazetesi.com.tr/gundem/iste-haziran-2015-en-son-secim-anketleri-toplami-bugun-secim-olsa-anketlerin-ortalamasi-ne-olur-h3671.html

28. Türkiye'de Kürt nüfusu ne kadar?

http://www.haber7.com/guncel/haber/366388-turkiyede-kurt-nufusu-ne-kadar

29. TARHAN ERDEM, Türkiyeli Kürtler ne kadar?
http://www.radikal.com.tr/yazarlar/tarhan_erdem/turkiyeli_kurtler_ne_kadar-1130023
30. HASAN CELAL GÜZEL, Türkiye'de Kürt nüfusu nedir? (1)
http://www.sabah.com.tr/yazarlar/guzel/2013/04/21/turkiyede-kurt-nufusu-nedir-1
31. HASAN CELAL GÜZEL, Türkiye'de Kürt nüfusu nedir? (2)
http://www.sabah.com.tr/yazarlar/guzel/2013/04/23/turkiyede-kurt-nufusu-nedir-2
32. İşte HDP'nin İl İl Kesinleşmiş Aday Listesi
http://www.haberler.com/iste-hdp-nin-il-il-kesinlesmis-aday-listesi-7166340-haberi
33. Parti Programı, HALKLARIN DEMOKRATİK PARTİSİ PROGRAMI:
http://www.hdp.org.tr/parti/parti-programi/8
34. European Armenian Federation for Justice & Democracy Supports the Peoples' Democratic Party (HDP) in the 2015 Parliamentary Elections of Turkey
http://www.eafjd.eu/eafjd-supports-the-peoples-democratic-party-hdp-in-the-2015-parliamentary-elections-of-turkey.html
35. By Dave Holmes, Turkey: High stakes for Kurds and Erdogan in coming poll
https://www.greenleft.org.au/node/58752
36. The Kurds Will Decide Turkey's Fat
http://nationalinterest.org/feature/the-kurds-will-decide-turkeys-fate-12517
37. HDP raises the stakes by promising to double minimum wage
http://www.dailysabah.com/elections/2015/04/21/hdp-raises-the-stakes-by-promising-to-double-minimum-wage
38. Manifesto pledges
http://www.jamesinturkey.com/elections/turkeys-general-election-2015/manifestos
39. CALL FOR A NEW LIFE
https://hdpenglish.wordpress.com/call-for-a-new-life/
40. THW WORLD FACT BOOK,TURKEY
https://www.cia.gov/library/publications/the-world-factbook/geos/tu.html
41. Report on Turkey's presidential elections 2014
http://www.konda.com.tr/en/140807KONDAPresElectionNote.pdf

42. SONAR seçim anketi sonuçlarını kamuoyuyla paylaştı

http://www.mynet.com/haber/guncel/sonar-secim-anketi-sonuclarini-kamuoyuyla-paylasti-1855551-1

43. Andy-Ar Seçim Anketi (Mayıs 2015)

http://secimharitasi.com/